مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# كورد و بەرسیسی عابد

“Kurd and BarsisiAbid”

**د. مزگین عەبدورەحمان ئەحمەد**

زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی زمان
زانکۆی نۆلج -Knowledge University
mizgin.abdurahman@su.edu.krd

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**
الاستلام: 2018/4/11
القبول: 2018/6/26
النشر: خريف 2018

Doi:
10.25212/lfu.qzj.3.4.9

**الكلمات المفتاحية:**

*The Kurds, Faqe tairan, Barsisi Abid , Evil, deceit, betrayal.*

**الملخص**

ئەم باسە لە سەر حیکایەتێکی شاعیری کورد فەقێ تەیرانە بە ناوی(بەرسیسی عابد). ئەم حکایەتە باسی عارف وزاهید و عابدێکێ خواناس دەکات، کە دوای 70ساڵ پەرەستن و پاڕانەوە لە خوا، شەیتان فریوی دەدات، توشی چەند گوناهێك بوو کە بەرەو رێگایەکی هەڵە رۆیشتو لە دین و لە دونیای بێ بەشکرد، ئەو هەڵانەی کە تێکەوتوو و نەیتوانی بە هۆی هەوای نەفس و خۆ پاراستن لە شتی رووکەش(ظاهر)ی و سۆز و عەهدەکانی ئیبلیس خۆی لە چارەنوسێکێ نەخوازراو رزگار بکات.

ئەم حیکایەتەی فەقێی تەیران لە 211 دێڕ پێکهاتووە، وێنەیەکی باش لە بێ ئاگایی مرۆڤ لە رووی واقعی هەندێ

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەس یا لایەن پێشاندەدات کە ئەو مرۆڤە وەکو کۆلەگەیەك بەتەواوی پشتی بەم جۆر و کەسانە دەبەستیت، بەڵام لە دواییدا دەبینێت،نەك تەنیا چارەسەری کێشەکانی پێ نییە، بەڵکو لە پشتەوەش بەرخەنجەرانی دەدات. لەم باسەدا هەوڵ دەدەین، وێنای حاڵ و هەوای بەرسیسی عابد بە حاڵ وهەوای سەردەمی کۆن وئێستای کورد بشوبهێنین و ئەنجام و ئاکامی کورد کە وەك بەرسیسی لێهاتووە پێشان بدەین. بۆ ئەم لێکۆلینەوەیە سود لە رێبازی وەسفی شیکاری وەرگیراوە.

**هۆکارەکانی نووسینی ئەم باسە:**

سێ خاڵهۆکاری سەرەکی نووسینی ئەملێکۆڵینەوەن کە لە خوارەوەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

1. نەخوێندنەوەی بیر و هزری زانایان و شاعیرانی کورد و دووبارە دارشتنەوەیان بە فەلسەفە و هزری نوێ کە بۆ ئێستا پێویستن.

2.گرنگی نەدانی زانا و بیرمەندانی کورد بە مێژووی ئەدەب و وێژە و فەلسەفەی ژیانی زانایانی پێشووی کورد و پەیوەست نەکردنی بە ئێستاوە.

3. سود وەرنەگرتن لە ئەزموون و فەلسەفەی دێرینی کورد و دووبارەکردنەوەی هەڵەکان.

**ئامانجی لێکۆڵینەوە:**

پەیوەستکردنی ژیان و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی ئیستای نەتەوەی کورد لە رێگەی شیکردنەوە و راڤەی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ )– العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چیرۆکە شیعری بەرسیسی عابد، یەكێكە لە ئامانجە سەرەكییەكانی ئەم لێکۆلینەوەیە، هەروەها خستنەرووی ئەو بابەت و كێشانەی كە كورد چ وەك تاك و چ وەك كۆمەڵ بە درێژایی مێژوو گیرۆدەی بووە و ئیتر دەبێت بە سودوەرگرتن لەم جۆرە ئەزمونانە چارەسەری كێشەكانی خۆی بكات، ئامانجێكی تری ئام باسەیە.

**گرنگی باسەكە:**

گرنگی ئەم لێکۆلینەوەیە لەوەدایە، خوێندنەوەیەكی كۆمەڵایەتی و دەروونناسی كۆمەڵی كوردیدەكات لە رووی بڵاوبوونەوەی چەمكی خیانەت و فریو،هەروەها سەرنج نەدانی لێكۆلەران بە رەخنە و شرۆڤەكردنی ئەم چەمكانە لە ناو ئەدەبیاتی كلاسیكی كوردی، بە تایبەت لە ناو دیوانی فەقێ تەیراندا.لێرەدا توێژەر وەك بابەتێكی سەربەخۆ بە سودوەرگرتن لە تیۆرەكانی هەندێ مرۆڤناس و دەروونناس و رەفتارناسان ئەم بابەتە دەخاتە روو.

**پێكهاتەی باسەكە:**

ئەم باسە لە دوو بەش پێكهاتووە بەم شێوەی خوارەوە:

باسی یەكەم/ لەسەر پارچە چیرۆكە شیعرەی شاعیر و ژیانی دەوەستێ و بە كورتەیەك ناوەرۆكی قەسیدەكە روون دەكرێتەوە.

باسی دووەم/ خوێندنەوەیكی نوێ بۆ تێڕوانینەكانی فەقێی تەیران لەم حیكایەتەدا و پەیوەستكردنی بە بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی و دەرونناسی ئێستای كورد.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێك ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە روون دەکرێتەوە و بە دیاریکردنی سەرچاوەکان کۆتایی بە باسەکە دێت.

وشە کلیلیەکان: کورد، فەقێ تەیران، بەرسیسی عابد، شەیتان(ئیبلیس)، فریو، ناپاکی.

**پێشەکی**

یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی دروستبوونی کەسایەتی کەسەکان، کاریگەربوونیانە بەو رووداوانەی کە لە رێڕەوی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی رۆژگاری خۆیان تەجروبەیان کردووە. هەڵوەستەکردن لە سەر رەفتاری مرۆڤەکان، مەیل و ئارەزوویان بۆ بەرژەوەندی و خۆویستی و رەفتاری ستەمکارانەی دەستەڵاتداران، لەو کردارانە بوون، کە لە پێکهێنانی بیرو هزری کۆمەڵایەتی، رۆڵێکی بەرچاویان بۆ شاعیر و زانایانی کورد هەبووە. فەقێی تەیران یەکێك لەم شاعیرانە بووە، کە  بە هزر و باوەرێکی ئایینی ئیسلامی و لە ژێر ئەو دۆخە سۆفیگەرایانەی کە لەو سەردەمدا هەبووە،  زۆربەی شیعرەکانی خۆی هۆنیتەوە، لە قەسیدەی بەرسیسی عابد بە دابەشکردنی فێڵ و فریو بە شێوەی گشتی دوو جۆری لە پەسن و زەم، یا ناشیرینکردنی پێشانداوە، جگە لە دەرخستنی پەیام و کاریگەرییەکانی ئەم خەسلەتە لە سەر کۆمەڵ، هەڵسوکەوت و بیروراکانی کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەی وەك سیمبولی هەڵسوکەوت و رەفتاری هەر کۆمەڵ لە چوارچێوەی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەخاتە بەرچاو. شرۆڤەی ئەم بابەتە لە دیوانی شاعیر ئەم خاڵەمان بۆ روونتر دەکات کە دیوانی فەقێ یەکەکە لە بەرهەمە ناوازەکانی روحانی مرۆڤ، دەکرێ بە یەکێك لە بەرهەمە گرنگەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی ....هتد مرۆڤایەتی هەژمار بکرێت.

## 1. بەشی یەکەم/ ژیانی شاعیر و چیرۆکی بەرسیسی عابد:

### 1.1. ژیانی فەقێی تەیران:

فەقێی تەیران ناوی (محمد)ە وهەندێك پێیان وتووە مەحمود(ئیبراهیم احمد شوان199:2012)خەلکی گوندی (وارەزۆر)ی سەر بە قەزای (مۆکس)ێیە. خۆی لە بەیتە شیعرەکدا دەڵێت:

گولم ددەستێ خاران ب ئیسمێ محمد ناقم (دیوانی جزیری، 582:1361)

لە شاعیرە کلاسیکەکانی کورد، فەقێی تەیران ژیانی لە هەمووانی تر باشتر روون بۆتەوە لەبەرئەوەی خۆی لە شیعرەکانیدا باسی تەمەنی خۆی و ئەو ساڵانەی کە شیعرەکانی نووسیوە دەکات. بۆ نمونە لە بەیتی(دلۆ رابە)دا دەڵێت:

میم و حێ حەفتێ فەلەك چوون

ژ هجرەتێ دەوران گەلەك چوون

سال هزار و چل و یەك چوون

ئەڤ غەزەل ئانی دیارە.(ل17)

لەم بەندەدا شاعیر دەڵێت: کاتێ من ئەم غەزەلەم نووسی حەفتا ساڵ لە تەمەنم رۆیشتووە، هەروەها دەڵێت: ساڵ ئێستا 1041کۆچییە. بە پێی ئەم دێڕە شیعرە بێت فەقێی تەیران لە ساڵی 971کۆچی لە دایکبووە و گوایە هەر لە هەمان ساڵی ئەم بەیتەش(1041،ك) کۆچی دوایی کردووە. جگە لەمەش ناوبراو لە سەردەمی مەلای جزیریدا ژیاوە و شەڕە شیعر(موساجەلە)ی لەگەڵ مەلای جزیری هەبووە.

هەندێ کەس بیروارایان وایە کە بە ئەسل خەلکی (تەیران) لە نێوان مۆکس و هیزانە(مارف خەزنەدار2002:171)، بەڵام تا ئێستا نەزانراوە، کە هیچ گوندێك لەم شوێنە هەبێت بەم ناوە. ئەوەی کە دیارە لە گوندی وارەزۆر لە دایکبووە و لە مۆکس خوێندوویەتی و خودی شاعیر خۆی زیادتر بە مۆکسی دەناسێنێت، کە ئەم شارە لە خوارەوەی گۆلی وانە و لە گوندی شاندیس شاردرایتەوە، کە یەکێکە لە گوندەکانی مۆکس(سەعید دێرەشی، 21:2005).

**2.1. نازناو(تخلص شیعر)ی:**

هەرچەندە کە ناوبراو بە فەقێ تەیران ناسراوە بەڵام لە شیعرەکانیدا (تەیران)ی بەکارنەهێناوە. ناوی فەقێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناوبراو دیارە بەرلەوەی ببێتە مەلا وازی لە خوێندن هێناوە، واتە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرلە فەقێیاتی ماوەتەوە، لە سەر نازناوی (تەیران)یش چەند رایەك هەن کە زۆرتریان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گوایە زمانی باڵندەکانی زانیوە، لێرەدا پێویست ناکات ئاماژە بە هەموو رایەکان بکرێت. نازناوی شیعری فەقێ لە شیعرەکانیدا بە چەند جۆرێك دەردەکەون لەوانەش:

(میم و حێ)، شەهیدێ میم و حێ ئیسمە ژ عیشقێ سوهتیە جسمە

* * *

(میم و حێ و دال) بێ فەم و قیل و قال بێژ هەندێ ب لەفزێ حال ببێژ

بەر "میم و حێ و دال" ببێژ شەرح و بەیانا کاغەتێ(ل70چ[1]، 22)

جگە لەم نازناوانە فەقی تەیران لە شیعرەکانیدا نازناوەکانی بە "میر مح، مکسی و فەقی" هێناوە.(هەمان سەرچاوە، 20:2005 )

### 3.1. چیرۆکی بەرسیسی عابد:

ئەم چیرۆکەشێعرە ، بەرهەمێکی هەرەبەرزی فەقێی تەیرانە کە بە زمانێکی سادە و رەوان وێنەیەکی جوانی ژیان پێشکەشی هەموو مرۆڤایەتی دەکات. هەروەك ئەوەی لەسەرەوە باسکرا ئەم بەرهەمە لە 211 چوارین واتە 844 نیو دێڕ یان 422 دێڕەشیعر پێکهاتووە.جۆرە شیعرییەکەی موسەممەت(مسمط)ە، لە سەر کێشی رەجەز و رەمەلی عەروزی رێکخراوە، بەشی زۆری لەسەر کێشی رەجەزە(مارف خەزنەدار173:2002). چیرۆکەکە بەم شێوەیە:

بەرسیسی عابد عابد و زاهیدێکی خەلکی شام بووە، ماوەی 70 ساڵ شەو و رۆژ عیبادەتی خوای کردووە، خۆی دابڕیوە لە هەموو خۆشییەکانی ژیان هەتا لە خواردنە خۆشەکان،خواردنی ئاو و گیا بووە، هەربۆیەش لە ناو خەلك ناو و بانگ و رێز و بەهایەکی زۆری هەبوو، شاعیر بەم جۆرە ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە:

---

[1]. چ: چوارینەی شیعری

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاتم قەسقا بەرسس ببێم　　　شەیتانیا ئیبلیس ببێم

ل عابدێ حەبیس ببێم　　　ئیزهار بکم وێ شوهرەتێ

ئیزهار بکم بەحسێ دعام　　　بەرسس رجالەك بو ل شام

تاعەت دکر دائیم مودام　　　زەر بو ژ خەوف و هەیبەتێ.(چ[2]، 6و7)

* * *

دوور بو ژ وی زاد و تەعام　　　خزمەت دکر دائیم مەدام

ناڤێ وی چووبوو شەرق و شام　　　کامل ژ قەدر و قیمەتێ(چ،12)

* * *

بەرسس قەوی غیرەت هەبوو　　　هەم قەدر و هەم قیمەت هەبوو

ناڤ عامیان حورمەت هەبوو　　　ژ خوەندن و تەلاوەتێ(چ، 17)

سەرەرای ئەم مەدح و سەنا و پێداهەلگوتنە، شاعیر رەخنەیەکی توندی لێگرتووە لەبەرئەوەی ئەم عابد و پیاوچاکە شێخ یا مورشیدێکی نەبوو. ئەم عەیبە، لە دواییدا دەبێتە هەڵەیەکی کوشندە بۆ ئەم پیاوچاکە. لێرەدا ئەگەر بە بیرێکی تەسەوفەوە بڕوانینە ئەم چیرۆکە، ئاماژە بەوە دەدات کە بۆ هەر قۆناغێکی ژیان و بۆ هەر کار و کردەیەك ناکرێ تەنیا پشت بە خۆت ببەستی، لەبەرئەوەی فەلسەفەی ژیان وایە کە خەلکی تریش لە پرس و راکان بەشدارییان پێ بکەیت، هەر بۆیە شاعیر بە چاوێکی وردبینیەوە لە سەرەتا باسی ئەم کەموکورتییەی خواناس بەرسیسی عابد دەکات و دەڵێت:

---

[2]. بۆ باسکردنی چیرۆکەکە و دەقە شیعرییەکانی بەرسیسی عابد، دیوانی فەقێی تەیران لە کۆکردنەوەی سعید دێرەشی کراوەتە سەرچاوە.

ترسا خودێ پڕلێ هەبوو    ژ عامی و غەیران ڤەبوو
سەد حەیف کو شێخەك وی نەبوو    مابوو دوێ خەبینەتێ
ئەر ئەولیا ئەر ئەنبیا    ئەر عابد و ئەر ئەسفیا
بێ شێخ و پیر جائیز نییە    تاعەت بکن ڤێ وەجهەتێ(چ،22و 23)

هەر بەهۆی ئەوەی کە بەرسیس وەك سۆفی شێخی نەبووە، شەیتان ئەمەی بە هەل زانیوە و هەوڵیداوە هەڵی بخەلەتێنی. دوای زۆر هەوڵدان چارەی پێ نەبردووە تاکو لە کۆتاییدا چارەیەکی دۆزیتەوە و توانی بە فریو و تەلەکەبازی و پیلانێك بەرسیس لە خشتە بات. ئەویش ئەوە بوو کە فەرخە شەیتانێك خۆی دەکات بە شێخێکی نورانی و لە ئەشکەوتێکی نزیك بەرسیس خەریکی پەرەستش و خوا پەرەستی دەبێت، بە جۆرێك کە بەرسیس زۆر بە زکر و تاعەت و روخسارە نورانییەکەی سەرسام دەبێت و داوای لێدەکات کە ببێت بە شێخی، شاعیر بەم جۆرە ئاماژەی پێدەکات:

ئەو ساحیرێ رەنگ سامری    خەملی ب لبسێ  زاهیری
نێزیکی بەرسس ئێوری    ب حوججەتا عیبادەتێ
وی عیبادەت بێ حسێب کر    بەرڤە قیبلێ سەرڤەجێب کر
تێك و ڤێك و حیلە و لەئیب کر    زاهیری شێخ شوبهەتێ(چ،47و48)

*        *        *

بەرسیس دبێ ئەر دێ وە بێ    دێ کی ژ تە چێتر هەبێ
ب پیر و ئوستادێ مەبێ    ئەژێ ببینن نەفعەتێ(چ، 78)

ئیتر شەیتان دەکات بە رێنما و پیر و مورشدی خۆی:

شەیتان ل شێخ بوو سەرەمێر    نیشان ددەت شوغلا بخێر

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خەلقنۆ دنێ نائێت بكێر داجوهد بكن ل ئاخرەتێ(چ. 83)

دواى ئەوەى شەيتان گەيشتە ئەو مەرامەى كە پيلانى بۆ دانابوو و توانى بەرسيس بخاتە ژێر ركێفى خۆى، قوناغى دووەمى پيلانەكەى دەست پێدەكات، ئەويش ئەوەبوو كە دواى ئەوەى كە شازادەى شام توشى نەخۆشى دەبێت و هەرچى حەكيم و لوقمان و مەلا و نوشتە تەجروبە دەكەن و هيچ ئاكامى نابێت، شەيتان دەچێتە خەوى دايك و باوكى رێنماييان دەكات كە بيبەنە لاى بەرسيس و بۆ شەوێك لەلاى جێ بێلّن، دايك و بابيش كە دەستيان بۆ هەموو شتێك درێژكردووە و ئاكامى نەبووە و هەست و سۆزى دايك و بابيش وا دەكات كە بيبەنە لاى بەرسيس، هەرچەند وەزيرێك زۆر دژى ئەم بڕيارە دەوەستێ بەڵام ئاكامى نابێت و كچەكە دەبەن و شەيتانيش هانى دايك و باوك و بەرسيس دەدات تاكو كچەكە شەوێك لەلاى بەرسيس بمينێت، تاكو دوعا و پاڕانەوەكانى بۆ چاك بوونەوە گيرا بن، بۆيە كچەكە بەجێ دەهێلن و يەكەم جار بەرسيس تەماشاى ناكات، بەڵام دواتر بە هاندانى شەيتان و پەردە لەسەر لادان لە سەر روخسارى كچەكە بەرسيس تەحمولى نامێنێ و دڵى لە عەشق و شەهوەت هەڵدەفڕێ و كارى خراپى لەگەڵ دەكات، شەيتان توانى وا لە بەرسيس بكات كە كچەكە لە كچێنى بخات و بۆ رزگار بوون لەم كردەوەيەش هانى دا كە كچەكە بكوژێت و بيشاريتەوە، هەر لە دواى كوشتنيشى شەيتان دەچيتە خەونى باوك و دايكى تێياندەگەيێنێ كە كچيان خراپ كراوە و ژێرگل كراوە. مير هەمانكات دەچێتە شوێنەكە، دەبينێت شتەكە راستە فەرمان دەدات كە بەرسيس لە سێدارە بدرێت، بەرسيس هانا بۆ شەيتان دەبات، شەيتانيش بۆ ئەوەى بەرسيس بەتەواوەتى بكاتە ئەهلى دۆزەخ و پيلانەكەى بە تەواوى سەر بگريت، داواى لێدەكات كە ئيمانى پێ بينێتئينجا لە كوشتن رزگارى دەكات، بە ناچار بە ئاماژەى سەر ئيمانى پێ دێنێ و بەم جۆرە بەرسيس لە دين و دونيا دەبێ.

شاعير بەم جۆرە باسى دەكات:

بێكر ژ رەنگێ حورييان سەرداریێ رەففا قومريان

سەيیادە قەلبێ سوفيان مەشغول ب كێرا زەبحەتێ(چ، 106)

* * *

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دخەو دبينن باب و دێ وە دڤێ كچێ خوەش كت خودێ

(باندێ) بەنە بال زاهدى رۆژەك بدەنێ موهلەتێ(چ، 121

* * *

ئەو عابدێ قائم ل رێ جارەك نەزەر دا دێم دۆرێ

تەيرێ دلێ شێخ هەلفرێ بێ ئيختياركر قامەتێ(چ، 147)

* * *

شەيتان دبێ قەت شەرم مەكە يەك ئادەمەك نيين بێ لەكە

باندێ ژ عەيبان توبە كە مووسا دكەت شەفاعەتێ(چ، 152)

* * *

قەت غەم مەكە دونيا وەيە بەنگ و زنا قەتل و مەيە

ل وان حەميان توبە هەيە پاقژ دبن ب تەوبەتێ(چ، 154)

* * *

شەيتين ژ بەرسيس لەومەكر تە فتنەكە هەڤرِوو خوەكر

چاخو ژ مير شەرمەندەكر داخيل بووى د خەتيئەتێ

پاش كو بەلا بوو صادرە قەتلا كچێ ئەولاترە

دا سەح نەكن باب و برە ترسم ژ تە سياسەتێ(چ، 156،157)

* * *

مجلة قەلای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

رەنگ و روويێ شێخ شەحتاند ئەو ل تەريقێ غەلتاند
كچ كوشت و خوون لێ شەبتاند شەرعێ ژ بابێ ديەتێ(چ، 160)

*   *   *

بەرسيسی گۆ ب قوتبێ خاس كی ڤێ قسا موشكل تو راس كی
من ژ ڤێ بەندێ خلاس كی ببمە قۆلێ مننەتێ
دوژمنان ئينصاف چو نينە تە دڤێ دونيا شيرينە
سوجدە بو زاتێ مە بينە دا بكم شەفاعەتە(چ، 201و 202)

*   *   *

ئەو عابدێ بێ دەولەتە ناڤێ ژ دونيايێ رەتە
ڤێ خەبەرێ باوەر كەتە سەجدە دبت ژ زەرورەتێ
ئەو عابدێ بينايێ وعود شێخ ب ئيشارەت بر سجود
شركا عەزيم چووبوو وجود ئيمانی بر ب شركەتێ(چ، 204و 205)

*   *   *

هەفتی و يەك سالێ تەمام تاعەت دكر دائم و موداm
قەبول نەكر شاهێ عەلام يەك جار برە خوسارەتێ(چ، 207)

## 2. بەشی دووەم/ كورد و بەرسيسی عابد:

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوای خوێندنەوەیەك بۆ چیرۆكی بەرسیسی عابد، بەراوردێكی چەمك و ناوەڕۆكی چیرۆكەكە لەگەڵ ژیانی سیاسی ومێژوویی و كۆمەڵایەتی و دەروونی كورد دەكەین. ئایا كورد تا چەند سود لەم وانانەی ژیان وەرگرتووە؟ تا چەند توانیویەتی بابەت گەلێ وا كە بە درێژایی مێژوو روویان داوە، بكاتە رێچكەیەك كە خۆی پێ دەرباز بكات؟ ئایا كورد توانیویەتی وەكو گەلانی تر ئەفسانە و حیكایەت و بەسەرهاتە دێرینەكانی نەتەوەی خۆی بكاتە ئەلبومێك و هەردەم لە پێشخۆی دابنێت تاكو رێگا هەڵەكان دووبارە تەی نەكاتەوە؟ بۆ ئەم مەبەستە چەند شرۆڤەیەك بۆ ئەم چیرۆكە و باردۆخی كورد دەكەین:

## 1.2. نەبوونی پیری تەریقەت یا مورشید:

**خزمەتا سولتان و میران سنعەتا دانا و زیران**

**هون مەكەن بێ شێخ و پیران گوه بدن ڤێ شیرەتێ**

* * *

**ئەر ئەولیا ئەر ئەنبیا ئەر عابد و ئەر ئەسفیا**

**بێ شێخ و پیر جائز نییە تاعەت بكەن ڤی وەجهەتێ**

ئەمە یەكەم بابەتە كە لە دەستپێكی بەیتی بەرسیسی عابددا، شاعیر ئاماژەی پێداوە و پێی وایە بە هۆی نەبوونی پیری تەریقەت بەرسیس توشی چارەنووسە نەخوازراوەكەی بووە، لە تەسەوفدا چەند رێگایەك هەن كە دەبێت سالك پێیاندا تێپەڕێت، هەریەك لەم رێگایانە ئادابێكیان هەیە كە بێ زانین و عەمەل بەم ئادابانە تێپەرێن لەم قۆناغانە زەحمەت یان ئەستەمە، تەنیا مورشیدی شارەزا دەتوانێ سالك لەم قۆناغانە دەرباز بكات. لە رێگاكانی خوا ناسی رێگەی هەڵە و تاقیكردنەوەی دژوار هەن، سالك لەم رێگایانە و رێگەی دەربازبوون ناشارەزایە مامۆستای پسپۆر و رێگە شارەزا دەبێ دەستی سالك بگریت و لە لەناوچون و مەترسی و تاقیكردنەوەكان قورتالی بكات. كە واتە مورشد لە دوو قۆناغدا رۆڵی هەیە: استاد و رێنما یان رێبەر هەم بەرنامە و پلانی باش دەدات و هەم ئەنجامدانی ئەركەكە لەلایەن سالكەوە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەخاتە ژێر لێکدانەوە و تاقیکردنەوە کە ئەیا بە ئاکام گەیشتووە یان نە، ئەمە وادەکات کە هەردەم سالك پێویستی بە مورشد بێت.(rasekhoon.net)

کە بەراوردێکی وردی ئەم بابەتە لەگەل بارودوخی کورد دەکەین، لە دوای دەولەتی میدی کورد مەرجەع یا پیرێکی تەریقەتی بە مانا سیاسیەکەی نەبووە، کە هەمویان پەیڕەوی لێ بکەن. کێشەیەکی گەورەی کورد نەبوونی یەك ریزییە بەتایبەت لە بابەتی رێبەریدا. راستە کە لە هەمو بەشەکان کەم یا زۆر سەرکردە و کەسانی کاریزما هەبوونە، بەڵام نەیتوانیوە بە هۆی جیۆپۆلەتیك بێت یان کێشە کۆمەڵایەتی و دەرونییەکانی تاکەکەسی یا شیزۆفێرنیا، هەموو کەسەکان لە ژێر یەك ئالا کۆ بکاتەوە، بۆ نمونە راستە کە شیخ عبیدالله بەر لە شۆرشەکەی توانی نزیکەی 5شێخی گەورەی تەریقەت و 20 خەلیفە و42 میر و میرزادە و بەگی هەرچوار پارچەی کوردستان کۆبکاتەوە و کۆمەڵەیەك بە ناوی یەکێتی کوردان( The kurdish united) دابمەزرێنێت(محەمەد حەمە باقی، 2013:124)و وەك سەرکردەیەك رێنمایی کردوون بۆ سەربەخۆیی، بەڵام لەهەمانکاتدا بەشێك بە هۆی بەرژەوەندی تاکەکەسی یان خێلی خۆی ئامادە نەبووە کە بچێتە ژێر فەرمان و راسپاردەی شێخ عبیدالله. یا خود کاتێ  پێشەوا قازیمحەمەد کۆماری مەهابادی راگەیاند راستە کە بارزانی نەمر نوێنەرایەتی باشووری کوردستانی دەکرد، بەڵام لە هەمانکاتدا سنووری لە مەهاباد و دەورووبەری زیادتر نەبووە، واتە پارێزگاکانی تری کوردی لە رۆژهەڵات نەگرتۆتەوە، جگە لەمەش بەشێکی زۆر لە هۆزە کوردەکان لەگەلی نەبوونە و خیانەتیان لێکردووە، هەروەك لە وەسیەتنامەکەیدا ئاماژەی پێداوە(سیف قازی، 125:2010). نمونەیەکی تر شۆرشی ئەیلول و کاریزمایی بارزانی نەمر بوو، سەرەرای ئەوەی کە خەلکی هەرچوار پارچە لە شۆرشدا بەشداربوون، بەڵام لە هەمانکاتدا چەند سەرۆك عەشیرەتێك رکابەرییان دەکرد وجگە لەمەش لە ساڵی 1964 دووبەرەکی پەیدابوو و بەشێك لە سەرکردایەتی و رێبەرایەتی لە سەرکردایەتی خوالێخۆشبووهەڵگەڕانەوە.

## 2.2. خۆشباوەری و زاڵبوونی هەست و سۆز:

| | |
|---|---|
| **ئەو دبێ شێخێ ژ شامە** | **ئەو تنێ قوتبێ زەمانە** |
| **لازمە چینە سەلامە** | **ما ئەداکەن سونەتێ** |

*        *        *

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بەرسیس دبێ ئەر دێ وەبێ　　　دێ کی ژ تە چێتر هەبێ**

**ب پیر و ئوستادێ مەبێ　　　ئەژێ ببینن نەفعەتێ**

یەکێکی تر لەو سیمایانەی کە لەم چیرۆکە شیعرە بینرا، سادەیی و تێگەیشتنی رووکەش(سطحی) بەرسیسی عابد بو لە شەیتان،رێك ئەم سادەیی و رووکەشیە لای سەرانی کوردیش هەیە. ئەمەش وایکردووە کە کورد باوەری بە خۆی نەبێت و کەسانی بیانی لە خوی پێ باشتر بێت، لە رووی سایکۆلۆجی،یەکێك لە کێشەکانی روحی تاکی کورد دیاردەی خۆ بەکەم تەماشاکردنە( inferiority complex)، کە دەبێتە هۆی چەقبەستوویيو ناکامی مۆراڵ و ئیرادە و باوەر بەخۆبوون. مرۆڤی کورد هەرچەندە، کە بەهرە و توانای زۆری هەیە، لە هەمانکات خۆی بە نزمتر لە خەلکانیتر وێنادەکات، بنەڕەتی ئەم بەلارێداچوونەی دەروونی و کەسایەتی مرۆڤی کورد، توشی گرێ و گۆڵێکی وایکردووە، بێگانە پەرستی لە ناوی دا باو بووە، یا خود بە واتایەکی تر لە کاتێ کە توشی ئارێشە و گرفتێك دەبێ باوەڕی وایە کە خۆی بە تەنیا یا هاونەتەوەکەیکێشەکەی پێی چارەسەر ناکرێت و کەسێکی بیانی هەرچەند لە رووی هزری و رۆشنبیرییەوە لە ئاستێکی نزم تریشدا بێت پێی باشترە لە خۆی یا کەسێکی خۆیی. جگە لەمەش لە رووی هەست و سۆزەوە، زۆرتر لەگەل بێگانە هەڵدەکات تاکو خۆی. هەربۆیە دەبینین هەر زانا، یا هەر شاعیر و نووسەر و سیاسی کورد تا زیندووە هیچ گرنگی پێنادرێت، بەڵام کاتێ کە دەمریت شین و رۆ رۆ دەست پێدەکات.

خالێکی تر ئەوەیە کە کورد زۆرتر بە رووکەش لە شتەکان دەڕوانیت و باوەریان پێدەکات، یا خود بە واتایەکیتر ئاقلمان لە ناو چاومانداییە نەك لە ناو سەر. لە شیعری فەقێدا ئاماژەیەکی راست و روون بەم بابەتە کراوە، بەو شێوەی کە بەرسیس بە چاو دیتی کە شەیتان نوێژ و دوعا و پاڕانەوەی زۆر دەکات و تەنیا بە رووکەش دیتی و کردی بە مورشدی خۆی. ئەمە نیشانەی ساویلکەی و خۆشباوەری و تەنیا رووکەش بینینی بەرسیس بوو کە دەکرێ هەمان بابەت بگشتێندرێت بۆ زۆربەی تاکی کورد. هەڵبەت لەم بارودۆخە و بە درێژایی مێژووش دوژمنان ئەم هەڵەی کوردیان قۆستۆتەوە و بە پروپاگەندە و بڵاوکردنەوەی ئەو بیرە هەموو دەم وایان پێشانداوە کە کورد میللەتێکی بێ توانا و نەشیاوە و دەبێ بە مەبەستی ئایینی یا شارستانی ئەوان لە سەر کورد زاڵ بن و وەك بناغەیەك ئەم باوەڕەیان لە مێشکی کورددا چەسپاندووە. بۆ نمونە عەرەب وای پێشانداوە کە کورد نەوەی جنۆکەکانن، یا خود فیردۆسی لە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شانامەکەیدا کە باسی کاوەی ئاسنگەر دەکات، دوای کوشتنی زوحاك وان پێشاندەدات کە کاوە لەبەرئەوەی لە بنەماڵەی پاشاکان نەبووە و پێگە و بەهای بوون بە پاشای نەبووە، تەختی پاشایەتی رادەستی فریدون دەکات(فردوسی، 24:1378-25).

## 3.2. فریو و تەلەکەبازی لە ئاوێنەی ئەخلاقدا:

ئەم بابەتە سەرەکیترین بابەت و کاکلی ئەم باسەیە کە دەمانەوێت باسی بکەین، فریو بە مانای مەکر، خدعە، تەزویر، ریا، دووروویی، غەدر، فسون، ئەفسون، کەید، بەد سگالی، رێوی سیفەتی، خیانەت، حەریف لە مەیدان دەرکردن، قەمپۆز، چاخان...هتدهاتووە.(https://books.google.iq)

جگە لەمە وەك زاراوە بۆ ئەو هەنگاوانە دێت کە بۆ دروستکردنی باوەڕێکی هەڵە یا نیوە راست یا هەوڵدان بۆ دروستکردنی دڵنیایی بە شتێك کە هیچ راستییەکی تێدانییە، هاتووە. (fa.wikipedia.org) (vajehyab.com)

سوکی و نا پەسەندی لە زانستی ئەخلاقدا لە بەرامبەر بەرزی و پەسەندییە. رابردووی ئەم پۆلێنبەندییە دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی دێرین، ئەفلاتوون بەرزی(فضیلت) بە سەلامەتی و میانڕەوی نەفس و بەرزی ئەخلاقی مرۆڤ بە سەلامەتی سێ هێزی عەقل، هەستەکان و ئیرادە پەیوەست دەکات. لە تێروانینی ئەو هەرکات هێزی عەقلی مرۆڤ لە سەلامەتی و میانڕەوی دابێت، مەعریفە و زانست دەئافرێندرێت و لە میانڕەوی هێزی هەست و نەستەکان پاکی (عفت) و لە میانڕەوی هێزی ئیرادە دلێری دەردەکەون.  بە پێی ئەم پۆلێنبەندییە، فریو و تەلەکەبازی دەبێ بە زیادەڕۆیی معرفە و هێزی عەقل دابنێین، لەبەرئەوەی فریو و تەلەکەبازی ئەنجامی زیرەکی و درێژەپێدەری خەبیسییە، بەم واتەیەی کە ئەگەر لەلایەن دەستەلاتەکان یا حکومەتەوە بێت بڵاوبوونەوەو قوڵاییەکی زۆرتری هەیە تاکو لە پێگەی ناکۆمەڵایەتی، بۆیە لەم روانگەیەوە خۆی لە سنوورەکانی دادگەری دەدات. لەم تێڕوانینەوە دەبێ شوێن پێی کرداری فریودەرانە و هزرە پیلانگێرییەکان لە کۆمەلی ستەملێکراو تاك گەرایی(individualism)دا بدۆزینەوە(غلامحسین، سیدقاسم زادە، 159:1389).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 4.2. فریو و ڕەگ و ریشەی لە تێڕوانینی فەقێدا:

دونیای ئەندێشە و خەیاڵی فەقێ لە دیوانەکەیدا لە سەر بنەڕەتی دیالێکتیك دامەزراوە و لێکدانەوە و راڤەکردنی بیروراکانی ئەم راستییە دەسەلمێنن، لە روانگەی فەقێ هەر چەمك و تێگەیەك چ ماددی و دەرەوەیی(Objective) و چ مانەوی و دەروونی(subjective) بێت، روالەتێکی دوولایەنەی هەیە. فریو و تەلەکەبازی یەکێك لەو چەمکانەی، کە بە روالەتێکی دوو لایەنەی هەژماردەکرێت. لە جیهانبینی فەقی تەیراندا سەرچاوەکانی فریو و تەلەکەبازی جیاوازە و بەستراوەتەوە بەوەی کە لە چ مەنجەلاوێکی گەنییەوە سەرچاوەی گرتووە، فریو لەلای ئەو دەرکەوتنێکی رەنگاورەنگ و جۆراوجۆری هەیە، لەوانەش:

1. بۆ هەوێنی ئەم دیاردەیە دەبێ لە وەسوەسەکانی شەیتانی بگەڕێین. لە روانگەی ئەو خۆدەرخستنەکانی فریودەری شەیتانی رەنگاورەنگترین شێوەی تەلەکەبازییە، کە هەندێجار لە رێگەی عەجەلە و خێرایی کارەکان دروست دەبێت. هەندێجاریش بە هۆی فریودانی (بلعم باعورا)[3]یکە لە رێگەی شوێنی هەستیاری دینییەوە بەردەکەوێت، واتە هەوڵ دەدرێت لە رووی پابەندی ئایینیەوە درزێك دروست بکات تاکو بەرەو خراپەیەك ببات، هەروەك چیرۆکەی لە ((خەوهەلساندنی موعاویە بۆ نوێژ))ی مەولانای رومی کە ئیشارەی پێکردووە، فریوەکە روودەدات.(مولوی،344:1377).

2. ترسناکترین و مەترسیدارترین سەرچاوەی فریو لە لای فەقێ (نفس امارە) و نارەواییەکانی نەفسانییە. ئەگەرچی نەفس و شەیتان هەندێجار دەبن بە یەك لەلای فەقێ، بەڵام ساختەکاری و فریوەکانی نەفسانی خراپترین و ناپەسەندترین جۆری فریون. فریوی بەردەوام و وەعد و سۆزەکانی یەك لەدوای یەك کە روو لە هەر مرۆڤێك دەکەن ئەگەر لە پشتگیرییەکی مانەوی بەتاڵ بێت فریو دەخوات و مەفتوونی فریوەکانی جۆری خۆی دەبێت(غلامحسین،سیدقاسم زادە 163:1389).

---

[3]. بلعم باعورا: زانایەکی بەنی ئیسرائیلی بوو، کە هەندە زانا و بەڕێز بووە گەیشتووتە پلەی زانینی ناوی گەورە(اسم الاعظم)، دواتر بە هۆی وەسوەسەی شەیتان لە رێگەی ژنەیەوە کەوتە ناو کێشەیەك کە بەرەو دۆزەخی برد.

واتە لە روانگەیەکی کۆمەڵناسی فقێی تەیران بۆ خالی دووەم، مرۆڤ بە هۆی خۆشیەکانی ژیان، وەك ماڵ و مولك و هێز و دەستەڵات و مەیل و ئارەزوی بۆ ئەم بابەتانە، نەفسی مرۆڤ بە ئاسانی فریو دەدرێت، هەروەها بە هۆی دیدێکی نەگەتیڤ و باوی کۆمەڵ بۆ ئافرەت و خۆسەپاندنی پیاوسالاری لە فەرهەنگی دێریندا، هەندێجار رەنگ و وێنە تەمسیلیەکانی ئافرەتیش بۆ ئەم مەبەستە نمایش دەکرێت.

ئەگەر سەیرێکی کەتوار(واقع)ی کورد بکەین، ئەم دیاردەیە، بە تایبەت لە خالی یەکەمی کە فەقێی تەیران ئاماژەی پێکردووە، هەمیشە کورد لەم روانگەیەوە بەرەو هەڵدێر رۆیشتووە، کورد لەرووی نییەت پاکی و پیاوەتی و راستگۆیی خۆی زۆر جار فریوی دوژمنانی خواردووە، یا خود کورد بە هۆی ئەوەی هەمیشە راستگۆ بووە و ناپاکی و خیانەت و درۆی بە بەها ئەخلاقییەکانی مرۆڤایەتی سەیر کردووە، بۆتە یەکەم قوربانی فریودانی نەیارانی. لێرەدا چەند نمونەیەك لە خۆشباوەری کورد و متمانە بە دوژمن کردن و فریودانی کورد دەخەینە بەرچاو:

1. لە سەردەمی میدیەکان ئاریاك سەرلەشکەری ئاژدیهاك بە هۆی خۆشباوەری و ئەوسۆز و پەیمانانەی کە کوروش پێی دەدات فریودەدرێت و دەبێتە هۆی لە ناوچوونی دەولەتی میدییەکان(دیاکونوف، 337:1380).

2. کاتێ شائیسماعیل سەفەوی هاتە سەرتەختی پاشایی، چەند میر و سەرکردەی کورد بۆ ئاشتی و دەرخستنی لایەنگری خۆیان بۆ سەفەوییەکان دەچنە لای هەموویان بەند دەکات.

3. شێخ عبیداللەی نەهری کە دەیویست شاری ورمێ دەستی بەسەر دابگریت، لە نییەت سافی خۆی و لە سەر داوای کوچرانی ئەمریکی سێ رۆژ هێرشی شارەکەی نەکرد هەرچەندە هیچ هێزێکی چەکداری کە توانای بەرگری لەشکری شێخی هەبێت لە ناو شارەکەدا نەبوو، بەڵام ئاگادار نەبوو کە لە ژێرەوە کونسولی ئینگلیز لە تەورێز و کۆچرانی ئەمریکی تەنیا بۆ ئەوەیان بوو کە دوای سێ رۆژ لەشکەی پالپشتی شا بگاتە وەرمێ و نەهێلن شار بکەوێتە دەست شێخ عبیدالله(Lezgînêçalî, 132:2013).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. ساڵی 1783 ئەحمەدخان موقەدەم مەراغەیی، گەورە فیودالی ئازربیجان باپیرئاغای مەنگوڕ بە هەزار کەسەوە بۆ زەماوەندی کوڕی بانگ دەکات، سەرۆکی مەنگوڕان بڕوای پێدەکات و دەڕوات، خانەخوێ هەر پێنج میوان لە ماڵێکدا دادەنێت، رایاندەسپێریت کە لە خەودا هەرکەسەو میوانەکانی خۆی بکوژێت، شەو هەموو خانەخوێیەکان میوانەکانیان دەکوژن، تەنیا یەك کەس دەربازی دەبێت، گوایە ئەویش نەختێ تورکی زانیوە و بە پلانەکەی زانیوە.(زرار میرۆ رەواندزی، 26:2009).

4. فەرهاد میرزا موعتەمید ئەدەولەمامی ناسرەدین پاشای ئێران هێرشی کردە سەر هەورامان، حەسەن سولتان هەورامی بە غەدر و خیانەت کوشت و سەرانسەری هەورامانیان سوتاند.

5. محەمەدحسین خانی فەرمان فەرما، والی ئازەربایجان، جەعفەرئاغای برای سماییل ئاغای شکاك بانگ دەکاتە تەورێز پشت قورئانی بۆ مۆر دەکات و سوێندی بۆ دەخواتکە غەدری لێنەکات، بەڵام دوای ئەوەی جەعفەرئاغا بە خۆی و چەند کەسێك دەچنە تەورێز زۆر بە شێوەی نامرۆڤانە هەڵیدەواسێت.(هەمان سەرچاوە، 27)

6. ئەمیر نیزام و وەزیری فەواید لە شوێنێك لە دەرەوەی سابلاغ داوا لە هەمزەئاغای مەنگوڕ دەکەن بێتە لایان و دانوستاندن بکەن، بۆ ئەم مەبەستەئەمیر نیزام پشتی قورئانی بۆ ئیمزا دەکات، بەڵام لە ژێر خێمەی دانوستاندندا بە خۆی و 4 کەس لە خزم و هاورێی لەلایەن ئەمیر نیزامی خاوەن شارستانییەت غەدریان لێدەکرێت و بە نامرۆڤانە شەهید دەکرێن(علی خان ئەفشار،157:2007).

7. سمکۆ ئاغای شکاك، لە سەر سۆز وەعدەکانی شا بۆ گوفتوگۆ دەگەڕێتەوە شاری شنۆ، بەڵام لە بۆسەیەکدا شەهیدی دەکەن.

8. میرزادەی ئەردەلانی (خان ئەحمەدخان) دوای ئەوەی شا واژوو لە سەر لاپەڕەی نوسخەیەکی قورئان دەکات بەو پێیە کە نییەت سافی خۆی بۆ شازادەکە دیار دەکات، کاتێ شازادە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەگەڕێتەوە بە شێوەیەکی زۆر قێزەونانە و دوور لە عورفی مرۆڤایەتی شەهید دەکرێت.

9. پێشەوا قازی هەرچەند سۆزی و وەعدی ئەوەی پێدرابوو کە دوای تەسلیم بوونەوە سزا نەدرێت، بەڵام دوای هاتنە ناوەوەی لەشکری شا لە سێدارە درا.

10. شۆرشی ئەیلول و باوەری کورد بە ئەمریکا و شای ئێران و نسکۆی شۆرش نمونەیەکی ترن لەم فریودانانە.

مرۆڤ کە مێژووی کورد دەخوێنێتەوە پڕە لەم فریو و تەلەکەبازیانەی کە دوژمنانی کورد بە سەرکوردیان هێناوە، هەندێجار قسەی (تۆماس هابز) تەواو ئەو شتەیە کە بەسەر دوژمنانی کورد دەچەسپێت کاتێ دەڵێت:(ئەگەر مرۆڤ لە ژیانی شارستانی و سیاسی کە ئەو پابەندی ئەخلاق دەکەن جیا ببیتەوە، شەرەنگێزترین و دڕندەترین گیانەوەر دەبێت).(هانس دیرکس،1384:101و یوسف کریمی، 1382:190)، پابەندنەبوون بە ئەخلاق هەمان فریودانەکانە کە بەسەر ئێمەی کورددا هاتووە.

یەکێك لەو نووسینانەی کە بۆ کورد ماوەتەو و زۆر بە روونی کوردی لەم بابەتە ئاگادارکردۆتەوە، دەکرێ ئاماژە بە وەسیەتنامەی پێشەوا قازی موحەممەد بکەین، کە دەنووسیت:(بڕوانن تەواوی گەورە پیاوانی گەلەکەتان، لە ئیسماعیل ئاغای شکاکەوە بگرە تا جەوهەرئاغای برای و هەمزە ئاغای مەنگوڕ و چەندین مرۆڤی دیکە، هەر هەموویان بە فریودان ئارامیان کردوونەوە و خەلکیان لە پشت کردوونەتەوە، ئینجا زۆر نامەردانە کوشتوویانن. هەموو ئەوانەیان بە سوێند و قورئان فریوداون، کە گوایە عەجەم نییەتی خێری لەگەلیان هەیە و چاکەیان لەگەلدا دەکات، بەڵام کوردە خۆشباوەرە و بە سوێند و سۆزی عەجەم فریوی خواردووە و باوەڕی پێهیناون، بەڵام هەر هەمووی درۆ و فڕۆ فێل بووە)(علی قازی، 2010:125).

هەروەك دیارە لەم وەسیەتنامەیەدا ئاماژەیەکی راستەوخۆیە کە دوژمنان لە خیانەتکردن و فریودانی کورد لە هیچ شت سلّیان نەکردووە و وەکو بەرسیسی عابد تۆشی دوژمنی شەیتان سیفەت بوونەتەوە و بەرەو هەڵدێرێکی واهایان بردوون کە ئەستەمە ئەم زەرەرانە قەرەبوو بکرێنەوە.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ )– العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6558 - ISSN 2518-6566 (Online) (Print)

ئەمرۆش کە دەبینین شازدەی ئۆکتۆبەر دروست دەبێت و عفرین بەم شێوەیە داگیر دەکرێت، راستە کە ئەم شکستانە لە ئەستۆی زلهێزەکان بە تایبەت ئەمریکا و بریتانیایە، بەڵام کوردیش هەر وەك جاران فریو تەفرەی نەیارانی و زلهێز و دەولەتانی داگیرکەری خواردۆتەوە، ئینجا چ بە تەفرەداچوون لە رووی هێز و غرور بێت، چ لە سۆز و پەیمانەکانی ژێر بەژێر بۆ بەرژەوەندی ماددی و دەسکەوتێکی کەمی ئیمتیازات و پارە و پول بێت.

بەڵام رێبازە پەروەردەییەکانی فەقێ لە دیوانەکەیدا رێگەی پێنادەت کە تەنیا بە دەستنیشانکردنی دەردەکان خەریك بێت و گوێگرانی لە رێگە شایەنەکانی خۆی بێبەش بکات، بۆیە ناساندنی داو و تۆرەکانی نەفس و خۆ قورتالکردن لەم داو و تۆڕانەی نەفس جگە لە سەرنجدان و بینینی حەزرەتی حەق، ئیمکانی نییە. جگە لەمەش یەکێك لە رێگاکانی خۆ قورتالکردن کرداری پێچەوانە و دلسپاردنە بە پیر و مورشیدی ناخ ئارام و ئاگادار لە هەوای نەفسانی. هەروەك پێشەوا قازی لە وەسیەتنامەکەیدا دەڵێت:(من وەکو برایەکی بچوکی ئێوە لە رێگەی خودا، بۆ خواتری خودا پێتان دەڵێم یەکبگرن وقەت پشتی یەکتر بەرمەدەن. دڵنیا بن ئەگەر عەجەم هەنگوینتان بداتێ، دیارە ژەهری تێکردووە، بە سوێند و بەڵێنی درۆی عەجەم فریو مەخۆن کە ئەگەر هەزار جار دەست بە قورئانی پیرۆزیش بدات، بەڵێنتان پێبدات، دڵنیا بن مەبەستی فریودانی ئێوەیە تاوەکو فێلتان لێبکات. عەجەم نە خودا دەناسن، نە باوەر بە خودا و پێغەمبەر و رۆژی قیامەت و حیساب و کیتاب هەیە، لە لای ئەوان هەرلەبەرئەوەی کوردن، با موسولمانیش بن، تاوانبار و مەحکومن).(عەلی قازی2010:125).

لە کۆتاییدا ماوە بڵێین، ئێمەی کورد زۆر جار هێماکانمان دەشکێنین، سەرکردەکانمان ناشیرین دەکەین، خەباتیان بە لارێ دەبەین و مێژووی هەول و ماندوو بونیان ناشیرین دەکەین یان دەسڕینەوە و رێز بۆ هێمای گەلانی تر دادەنێین و دەیانکەین بە سیمبۆلی خۆمان لە کاتێکدا خەبات و بەرخودانی سەرکردەکانمان ئەگەر زیادتر نەبێیت هیچ لە هی ئەوان کەمتر نییە. بێ رێزی بە مرۆڤە گەورەکان و سەرکردەکان و خەباتیان نیشانەی نەزانی و بێ دەرەتانی تاکی کوردە و راستەوخۆ خزمەتی نەیارانە، من ناڵێم کە مردووپەرەست بین، بەڵام رێزی خەبات و بەرخودانی هەلکەوتووەکانی مێژووی خۆشمان بگرین. دەبێ هەڵسوکەوت و رەفتاری سەرکردەکانی رابردووی خۆمان بە پێوانە و پێوەری سەردەمی خۆیان هەڵسەنگێنین، دەبێ بزانیین ئەوان لە چ بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بڕیارێکیان داوە؟ ناکرێ بە

**مجلة قەڵای زانست العلمية**
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێوانەی ئەمرۆ رابردوو هەڵسەنگێنین. نابێ تەنیا لۆمەی خۆمان بکەین و هۆکارە دەرەکی و ناوخۆییەکان لەبەرچاو نەگرین.

## ئەنجام

1.چیرۆکە شیعری بەرسیسی عابد یەکێکە لە بەرهەمە هەرە گرنگەکانی کورد، کە وەك زۆرێك لە بەرهەمەکانی ئەدەبی تری کوردی وەك کەرەستەی خاو ماونەتەوە بۆ سەرلە نوێ خوێندنەوە و بیرکردنەوە بە ئایدیایەکی سەردەمیانە و سودوەرگرتن لێیان لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی...هتد.

2. چیرۆکە شیعری بەرسیسی عابد کە شاعیر فەقێ تەیران هونیتیەوە یەکێکە لەو نمونە بەرزانەی و دەقاودەق لەگەل بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەرونی کورد دەگونجێت و نەبۆتە هۆکارێك بۆ زانا و بیرمەند و دەستەڵاتداران کە سود لەو فەلسەفەی کە شاعیر وەك ئەزموونیك دایرِشتووە وەربگرن.

3. لە ناوەرۆکی داستانی بەرسیسی عابد، کۆمەڵێ تایبەتمەندی کورد لە رابردوو و ئێستادا بەرجەستە دەکرێت، لەوانەش: گرنگی نەدان بە رێبەر، یەکنەگرتنی کورد، ساویلکەی و بێگانە پەرستی، بە کەم زانینی خۆی و بەرز سەیرکردنی کەسانی بێگانە، تەفرەو فریوخواردنی کورد...هتد.

4.دەکرێ ئەم بەرهەمە ببێتە هەوێنی سەر لە نوێ دارِشتنەوەی فەلسەفە و تێروانین و ئەزموون بۆ دووبارەنەکردنەوەی هەڵەکانی رابردوو.

**سەرچاوەکان:**

1. شوان،ابراهیم احمد شوان، ئەدەبی کۆنی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر 2012.
2. قازی، سیف قازی، بەرگری لە نەتەوەیەك، هەولێر 2010.

3. ڕەواندزی، زرار میرۆ ڕەواندزی، کورد لە دیدی گەلی سەردەستی فارسەوە، گۆڤاری کوردۆلۆجی2009.
4. چالی،لەزگینێ چالی، دەورێ د.کۆکرانێ ئەمریکایی د شکەستنا شورەشا شێخ عوبەیدوللایێ نەهری، گۆڤاری کۆنفرانسی زانکۆی جولەمێرگ، 2013.
5. ئەفشار،عەلی خان گۆنەخان ئەفشار، شۆرشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە محەمەد حمە باقی، کۆڕی زانیاری کورد، 2007.
6. خەزنەدار،مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، دەزگای ئاراس، 2002.
7. باقی،محەمەد حمە باقی، شێخ عوبەیدوڵلان نەهری و شۆڕشی (1880) گۆڤاری کۆنفرانسی زانکۆی جولەمێرگ، 2013.
8. دیاکونوف،ا.م.دیاکونوف، تاریخ ماد، ترجمە علی کشاورز، چاپ ششم، تهران 1380.
9. دیرکس، هانس دیرکس، انسانشناسی فلسفی، ترجمە محمد رضا بهشتی، چاپ دوم، انتشارات هرمس، 1384.
10. زادە،دکتر غلامحسین غلامحسین زادە، دکتر سید قاسم زادە، رفتارشناسی مکر و نیرنگ در جامعە استبدادی، نشریە ادب و زبان، شمارە 28، زمستان 1389.
11. کریمی،یوسف کریمی، روانشناسی اجتماعی، چاپ دوازدهم، تهران ارسباران، 1382.

**گۆڤار:**

12. قازی، علی قازی، چاوپێکەوتنی هەفتەنامەی رووداو، ژمارە 125، رۆژی،2010/8/9.

**دیوانە شیعرییەکان:**

13. عارفی ڕەبانی مەلای جزیری، شەرحی هەژار موکریانی، چاپخانەی سروش،1361ه.ش.
14. فەقیێ تەیران، سەعید دێرەشی، سپیرێز، 2005.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

15. فردوسی، شاهنامه فردوسی، به کوشش دکتر سعید حمیدیان، طبق نسخه مسکو، نشر قطره، چاپ سیزدهم، تهران 1387
16. مولوی، مثنوی معنوی، بدیع الزمان فروزانفر، مطابق نسخه تصحیح شده رینولد نیکسن، چاپخانه رستمخانی 1377.

**سایت و پەیجە ئەلکترۆنییەکان:**

17. **Alîkardenîz**, http://alikaradeniz.org **23 agust 2015**
18. https://books.google.iq
19. http://fa.wikipedia.org
20. http://vajehyab.com
21. *دكتر سيد يحيي يثربي،نقش-استاد-و-پير-در-سير-و-سلوك-عرفاني* http://rasekhoon.net/
22. http://www.hidoctor.ir
23. **امیر جلالی،** توطئه و خیانت http://www.taamolnews.ir
24. **آرش توفانی، فاوست- مردی که روحش را به شیطان فروخت https://www.researchgate.net/publication**
25. مرجان يشايي،خيانت و مكافات http://farspage.com/w/ 16/agust/1377

الملخص

**الكورد والبرسيس العابد**

يدرس هذ البحث قصة للشاعر الكوردي المعروف فقي طيران باسم (برسيس العابد)، تتناول القصة رجلاً عابداً زاهداً تقياً اسمه برسيس، وقع في مصيدة الشيطان بعد 70 سنة من الزهد والتقوى، ليقع في ذنوب أبعده عن الدين، وقد جاءت نتيجة اتباعه لهوى النفس وعهود الشيطان ومكره.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تتكون القصة من 211 سطراً، تعطى صورة واضحة عن غفلة الإنسان، وأنه يعتمد اعتماداً كبيراً على مثل هؤلاء، ليتأكد في الأخير أنه لا يمتلك علاجاً للمشاكل الموجودة، فحسب بل يتعرض للطعن في الظهر نتيجة ذلك، حاولنا في هذه الدراسة تشبيه حال وأمنيات الكورد في الماضي والعصر الحالي بحال وأهواء هذا العابد التقي، وقد تم الأمر بالاعتماد على المنهج الوصفي التحليلي.

## Abstract

This research is entitled “Kurd and BarsisiAbid” which is adopted from the story of a famous Kurdish poet named “ FaghiTayran”. This story describes a religious person that after 70 years of spiritual live was deceived by Satan and lost all his good faith and spiritual life in a very short time. He couldn’t protect and preserve himself from the whispers of Satan.

This story consists of 211 couplets and it represents a wonderful image of unconsciousness of human beings when they totally depend on such kind of evil people who always deceived them. In some cases, when innocent people face difficulties and problems in their daily life and they ask for help from devils, in contrast, they cannot get enough support from them. The researcher intended to describe and illustrate the similarities between the age of “BarsisAbid” and Kurd’s current situation applying descriptive analyzing method, since Kurdish community is experiencing the same conditions as Abid’s age.

This research consists of two parts:

First part: presents the literary work of the poet’s story and a short description of his life, as well as, a short description of the poetry.

Second part: presents a study on the poet’s perception towards Kurdish current situation in terms of psychological, political, and social conditions.

Finally, the result of this study has been illustrated and analyzed in some sections, and this research ends with a list of references.